www.kurdistannet.org
29-11-2006 11:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەستەی لایەنگری لە خواستەکانی شاری قەڵادزێ-دەرەوەی وولات

Kala2ze@yahoo. com

ڕاگەیاندنی ژمارە دوو: 2006-11/26

ئەمەی خوارەوە ئەو داخوازیانەن کەخەڵکی شاری قەڵادزێ لە خۆپێشاندانی 2006-11/21 لە ڕێگەی قائیمقامی شارەکەوە بەرزیان کردۆتەوە بۆ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم. وە مۆڵەتی یەك هەفتەیان داوە بە لێپرسراوان بۆ وەڵامدانەوەیەکی عەمەلی ئەو داخوازیانە. ئەویش چونکە بەدرێژایی چەند ساڵ چەندین جار وادەو بەڵێنیان بەخەڵکی ئەم شارە داوە و بەڵێنەکانیان نەهێناوەتەدی.

هەرکەسێکی خاوەن ویژدان چاوێك بەم خواستانەدا بخشێنێت دەبینێ کە زووربەی ئەم خواستانە لە پێداوییستیە هەرە سەرەکیەکانی ژیانی ئاسایی ئینسانن کە ژیان بەبێ ئەمانە زۆر ئەستەمە. !

سەیرکەن شارێك کە دەیان هەزار کەسی تیا ئەژی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەکەی کە ناسراوە بە (پڕۆژەی ئاوی خاسە) دوای 15 ساڵ لە ئاوەدان بوونەوەی قەڵادزێ هێشتا بەئاکام نەگەیشتوە. لەگەڵ نەبوونی کارەبا، خەڵکی لە ناو تەپوتۆزی هاوین و قوڕو چلپاوی زستاندا هاتووچۆ ئەکەن، بۆیە داوای چەوڕێژ کردنی کۆڵانەکان ئەکەن. زۆرێك لە قوتابخانەکان لە ژوورێك پۆلی دەرس خوێندندا زیاتر لە 60 خوێندکاری تیایە بۆیە داوای کردنەوەی قوتابخانەی زیاتریان کردووە. ئەم شارە بەم گەورەییەوە هێشتا بانکی تیا نیە و تاکە ڕێگەیەکیش کە پەیوەستی ئەکاتەوە بە سلێمانی و هەولێر و شارەکانی دەوروبەریەوە ڕێگەی نێوان شاری ڕانیە-قەڵادزێیە کە وێرانەیە و پردەکانیشی ڕووخاون.

خەڵکی قەڵادزێ بە شێوازێکی شارستانیانە خواستە ڕەواکانی خۆیانیان خستۆتە بەردەم لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم، ئەم دەسەڵاتە هیچ بیانوویەکی لە دەستیدا نیە کە خەڵکی ئەم شارە ناچار بکات پەنا بەرنە بەر شێوازی تر، کە لەم حاڵەتەدا هەموو مەسئولیەتێك لە ئەستۆی لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمە کە ئەم بزووتنەوە موتاڵەباتیە پەرەبستێنێ بۆ شێوازی تر. !

خواستەکان

1- دەست بەکار بوونی پڕۆژەی (ئاوی خاسە) .
2- تەواو کردنی ڕێگەی دووسایدی ڕانیە-قەڵادزێ و دروست کردنی پردی شیاو بۆ ڕێگایەکە.
3- چارەسەر کردنی کێشەی پارچە زەویەکانی ژمارە (70) .
4- وەگەڕخستنی مووەلیدەی حکومی ناو بازاڕ و دابین کردنی پێداویستیەکانی.
5- چەو ڕێژ کردنی جادە و کۆڵانە خۆڵەکان، وەك چارەسەرێکی کاتی.
6- کردنەوەی بانق و کردنەوەی بنکەی وەرگرتن.
7- کردنەوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری.
8- زیاد کردنی باخچەی ساوایان.
9- زیاد کردنی خوێندگا (قوتابخانە) .
10- باش کردنی بارودۆخی کشتوکاڵ، یارمەتی جووتیاران.

********** ********** **********